# بەدیار قەصیدەیەکی نالی یەوە قاپێك شەراب

Aram_qaradaghi@hotmail.com

ئارام قەرەداغی



ئەم شەرابە ڕاوەشێنە

با مەستبون بمانخاتە سەر کەڵکەڵەی بیرکردنەوە

ئەم دەستە لەم شەرابەدا نەبێ فرتە ئەکاتە ناو خوێنەوە

نیشتیمانم

دڵۆپ دڵۆپ حورمەتی ڕژاو ئەبینم

کە چۆن بەرومدا ئەپرژێ

لەناو تۆوە

گۆرەوی دەستی منالە دەستگێڕەکەی بەر مزگەوتی گەورە

وەك خۆی ئەدەمە دەست دو دێڕی گرینۆك

شەڕە بەردی منالآنی سەرشەقام

بۆ خەیاڵدانی تۆ ئەگێڕمەوە

من بێ شەرەفترین کوڕەکانی تۆ

دەڕۆم و دەگەڕێمەوەو

دیسان دەڕۆم و پێئەچێ دیسان بگەڕێمەوە

ڕەنگە گەڕانەوەم لەبەر دڵی نالی بێت

نەك لەبەر جوامێری کوڕەکانی تۆ

داخۆ دەرونی شەق نەبووە (پردی سەرشەقام)

پیر و فوتادە تەن نەبووە (داری پیرمەسور )

بەم هەمو بێشەرەفیەمەوە

بەقەدەر شەقبونی پردی سەرشەقام

زارم پژاوە

هێندەی بیماری پیرمەسور هەستی نالی فوتادە تەن بوە

نیشتیمانم

بەردبارنمان کە

من و پردی سەرشەقام

نالی و پیرمەسور

بەردبارانمانکە نیشتیمان

کوڕە گەورەکانی تۆ بونەتە گەورەترین بازرگان

کوڕەکانی تۆ

لەناو ڕۆم و عەجەما

لەپێش هەمو شەرافەتمەندەکانەوەن

تەفسیری جریوەیەکمان نەکرد بو چەتونترین منالّ

بە زەڕنەقوتەمان نەوت

ئەم جوکە جوکەی تۆ

ڕۆژێك ئەمانباتەوە بەردەم

دادگایی کردنی شەهوەت

ئەم هەولّدانی فڕینەی تۆ

ئەمانباتەوە ناو کۆلآنی توڕەبونی کوڕە گەورەکانی نیشتمان

بەدیار لەرزو تایەکی نیشتیمانەوە

تیلاوەتکردنی سورەتی جەهل

بەدیار شەریعەتی سولّتانەوە

خۆ ناونوسکردن بە موطّەق ترین کافر

بەدیار قەصیدەیەکی نالی یەوە قاپێك شەراب

جاری واهەیە پەنا ئەبەمە

بەر حاسیبەیەك بۆ نوسینەوەی شعرێك

یەك زائدەن یەك

ئەکاتە بەتاڵبونەوە

ئەکاتە خاڵی بونەوەی نیشتیمان

یەك دابەش یەك

ئەکاتە جارانی خوێن لە دوای خوێن

زکرێکی کەوتو

لەدەنوکی چۆلەکەیەك هەڵئەگرمەوەو

بەراوردی ئەکەم بە کوفرەکانی باوکم

بەراوردی ئەکەم بە تورەییەکانی باوکی نەوا

بە پەردەی کچێنی نیشتمان

کەهەمویان لەیەك کاتا

چەن پوچ و چەند پرمانان

چەندەها جار سەری ئەم حەقیقەتەم دا بەدەرگای

ئەم خوایەداو

لەوسەرەوە لەدەرگای کەلامەوە

بەزەندیقی هاتەوە بۆلام

ئەو زەندیقەی

لە سۆزانیەکی ئەم شارە ئەچێ و

دڵسۆزترین دۆستی نیشتمانە

بیرکردنەوە لەتۆ

وەك ڕاکردنی نیوە بەیتێکی سەرلێشێواوە

لە ( فعولن مفاعلن فعولن مفاعلن)

خۆ خنکانە لەم بەحری طـەویلەدا

ئەی نیشتمانم

چەند سەختە بیرکردنەوە لەتۆ

کاتێك کە من ئەو پێڵاوانە بۆیاغ ئەکەم

کەتوندتر ئەچەقنە سینەت

گەڕانەوەی من بۆ لای تۆ

وەك ئیعرابێکی سواوە

بە تەختەی قوتابخانەوە

بەدەستی مامۆستایەکی پەڕپوتەوە

وەك هەمیشە تۆ نایەیت و

ئەبی من بێم هێڵ بەژێر ئەم وشە ڕزیوەدا بێنم

گەڕانەوە بۆ لای تۆ

وەك سەیرکردنی شاخێکە

لەچاوی مێرولەیەکەوە

بانگکردنی کەناریەکە

بە گەروی تیمساح

وەك ناسینەوەی کلاّوی پاسەوانێکی تۆیە

لە سکی ماسیەکا و

دۆزینەوەی هەندێ ناونیشانی ترە

لە هەناوی ماسیەکی تری بچوکدا

گەڕانەوە بۆلای پێکەنینی دایك

وەك گلەیی شەمشەمە کوێرەیەکە

لە ئەستێرە

خۆ ئینتحار کردنێتی لەداخی مانگ

نیشتمانم بیرکردنەوە لە تۆ

ئەمانباتەوە بۆ ناو بانوی تەماح

بۆ تامکردن لەسەیر کردنی تۆ بەدەم ناڵەو هاوارەوە

لەناو ڕیشی زاهیدێکی تۆدا

سورەتی نیسائم بەڕوتو قوتی و

بەبێ بسم الله دۆزیەوە

چەن بێحورمەتیە ئەو وەختەی

هەمو تەمەنی کۆتایی نەنکم

ئەبێتە گێڕانەوەی

سیمای شارێکی فارس نشین

بە دو چاوی تەپوتۆزاویەوە

بێ حورمەتیە کەخەیاڵ ئەبێتە گیرۆدەی

سوتانی قەقنەسێك

بۆ دیتنەوەی هاوڕێیەك

لەسەر جادەیەکی ستۆکهۆڵم

بەجێهێشتنی ماچێك لە ناوەڕستی ئەستەمبوڵ

سەیرکە نیشتمانم

چ بێ حورمەتیەکە کاتێك ئەبینم تۆ

چەند بێ کەس و نەوەکانت چەند بێ سەر پەرشت و

چەند پڕ شەهوەتن

ترسێك دایگرتوم لەوەی ڕۆژێك بتبینم

بەسەر شەهوەتەوە هەر پارچەیەکت بەلایەکدا بڕوا

ڕۆیشتنێك... ئەمان چۆن ڕۆیشتن

نیشتمانم سەیرکە

لەناو ئەو هەمو کوڕە گەورەیەی تۆدا

هێندە بچوکم

هێندە بچوك ... تا خۆم هاوار نەکەم

کەس نامبینێ